کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 18:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

www.p-deren.com

## ڕاپۆرتی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لقی هەندەرانی لە یەکەمین کۆنگرەدا

سەرەتا سلاوی گەرمی ئەندامانی کۆمەڵەکەمان کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لقی هەندەران کە پێك هاتووە لە کۆمیتەکانی (سوید، ئەڵمانیا، هۆڵندا، نەرویج) وە لیژنەی (فینلندا و نیوزلاند) ، بە ئێوەی بەڕێز رادەگەیەنین و دەستخۆشی لە ئامادەکارانی کۆنگرە دەکەین و بەکارێکی پڕ بایەخی دەنرخێنین و دەست خۆشیتان لێدەکەین وکاروماندونەبونتان جێگای ڕێزو ستایشە وەهیوای سەرکەوتنی هەمیشەیتان بۆ دەخوازین لە کارەکانتان ڕوو لە بەدیهێنانی دوا ئامانجی نەتەوەکەمان ئامادەبوانی بەرێز

بەهەستێکی پڕ لە بەرپرسیاریتیەوە و وەك پێشمەرگەکەی جاران بە خۆشحاڵی یەوە ئامادەبوونی خۆمان پیشان ئەدەین بەمەبەستی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.

وەهیوادارین بە هەستێکی بەرپرسیاریەتیەوە بروانینە ئەم کۆنگرەیە کە ببێتە کۆنگرەیەکی نمونەیی لەناو سەرجەم ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستان.

بۆیە خوازیارین کە ئەم کۆنگرەیەمان ببێتە کۆنگرەی دارشتنی پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی کاری کۆمەڵەکەمان کە بتوانێت هاندەر بێت بۆ زیاتر خەبات کردن تا بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلە ستەم دیدەکەمان وەلەهەمان کاتدا بەدیهێنەری مافە سەرەتایەکانی پێشمەرگە بێت کە هیچ کەسێك لە ئێمە چاوەروانی وەرگرتنی پاداشت نەبوین.

وەلەم مینبەرەوە داوا لە یەکە بەیەکەتان دەکەین کە ئاورێك لە رابردوومان ولە هاورێکانمان بدەینەوە کە لە گەرمەی خەبات دا پەیمانی خۆیان بە جێهێناو چونە کاروانی شەهیدان دەبا ئەوانەمان کە بەشداربوین لەو پەیمانەی کەتا دوا دلۆپی خوێنمان لە خەبات دا بین تا بەدیهێنانی دوا ئامانجەکانمان با بەوەفابین بۆی با ئەم کۆنگرەیە ببێتە ئەوەی چیدی زوڵم لە پێشمەرگە نەکەینو مافی پێشمەرگە بە کەسانی نا شایستە نەدرێت بە چاوێکی یەکسان سەیریان بکەین وە هەڵسەنگاندنمان هەبێت بۆ کارو کردەوەکانی پێشویان کۆکردنەوەی پارەو پول نەبێتە دوا ئامانجمان بەڵکو وا بکەین سیمبوڵی یەتی پێشمەرگە بکەینەوە بەبەری خۆماندا وەکاری پێویست بکەین بۆ بەکڕاچونەوەی گەندەڵی.

بەرێزان ماندوو نەناسان:-

لێرەدا ئەوە دێنمەوە یادتان کە هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی دنیا ساڵ بە ساڵ لە گەشەکردنداو لەنوێ بوونەوەدایەو لە زیاد بوندایە نەوەی نوێ پێدەگاو دەبنە ئەندام تێیدا بەڵام بەداخەوە کۆمەڵەکەی ئێمە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکەمبوندایەو کاروانی مەرگ هەر جارەو چەند ئەندامێکان لەگەڵ خۆی دەبات بەبێ ئەوەی پێشمەرگەیەکی دێرین لەدایك ببێت.

کەواتە با هەمومان دەست لەناو دەستکەین بۆ بەدیهێنانی دوا ئامانجی گەلەکەمان وئاوەدان کردنەوەی کوردستان بەتایبەتی ئەو گوندانەی کەشەو ڕۆژ ئەرك بووین بەسەریانەوە وبەڵێنی زۆر گەورەمان ئەدا بە گوێیاندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18:37 24-6-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وا 16 ساڵ تێپەری بەسەر ئەو نیمچە ئازادی یەی کە بەخوێنی شەهیدانو تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە و ئەرکی گرانی گوندەکان دەستەبەر بووە بەڵام بەداخەوە نەك ئاوڕمان لێ نەداونەتەوە بەڵکوو بەسەردانێکیش بەسەرمان نەکردوونەتەوە.

وەبەبێ هیچ جیاوازیەك بیر لە دابینکردنی مافە سەرەتای یەکانی پێشمەرگە بکەینەوە بە تایبەت وارسێ شەهیدان سەروەرمانن. کەم ئەندامان شایستەن کە هەموو شتێکیان بۆ بکەین.

ئەو پێشمەرگانەی کە خوێنەوارییان نیە یان لانی وشیارییان لاوازە لەکاتێکدا خۆشیانو خوێندنیان کردوەتە قوربانی بەردێکی سەر چیاکانی کوردستان کە ئەمرۆ لە هاورێکانی یان بە جێمان و ئەوان خاوەنی شەهادە و ژیانێکی باش ئەمانیش ژیانی کولەمەرگی وەلە ئاخری هەموویانەوە ئاگایەکتان لە ئێمەش بێت غەدرمان لێمەکەن و خەڵکانی نا شایستە با لەسەرمانەوە نەبێت.

ئێمە داوایان لیبەکەین کە دەستمان بگرن و زۆر جاریش بە پاڵ و بۆ دەرەوە وەلاچمی پێش مەرگەیە ئەی ئەبێ وەڵامی جەماوەر چۆن بێ و چی بێت.

بەڕێزان لێرەو لەوێ گوێ بیستی هەندێ مەسئول ئەبین کە پێشمەرگەکانی هەندەران فیئە نایان گرێتەوە نازانین لەچ ڕوانگەیەکەوە ئایا پیان وایە لەخەباتدا دابراوین وەیان ئەڵێن درەنگ هاتوون و کەمیان کردووە وەئەم بریارە با بەچاوێکی یەکسان بۆ هەموو کەس بێت بۆیە ئێمەش داوای مافی خۆمان لەوبوارەدا ئەکەین و بگرە قەرەبوشمان هی ئەو ماوەیەی کە ئێمەیان نەخوێندۆتەوە وەبەبەرچاومانەوە وەری ئەگرن.

ئەمکانەو چەندین کاری تر وامان لێ ئەکات زیاتر سوربین لەسەر بەردەوام بوونی خەباتمان و وەداوا رەواکانی جەماوەرو پێشمەرگەی خێرنەدیوو.

وەزۆر لەسەرکردەکان خۆایان لێ گۆراوەو نایانەوێ ڕێز لە پێشمەرگە بگرن و پشت گوێمان ئەخەن ئەمەش ئەگەر وابروات کاردانەوەی خراپی ئەبێت وەهیوادارین وا نەبێت چونکە هێزی پێشمەرگە دوژمن شکێنی دوێنێ و پاسەوانی ئەمرۆ باشترین چینی شۆرش گێری گەلەکەمانن.

بەڕێزان خۆشەویستان

وا دیارە رۆژ لەدوای رۆژ ئامانجە گشتیەکانمان بیر ئەچێتەوە ئەگەر ئێمە ئاورێك لە پێش ڕوخانی رژێمی بەعسیەکان بدەینەوە ئەبینین ئەو کات بەهەموو شەڕی دزێوی ناوخۆوە وەبەحەساری هەموودوژمنانەوە ژیانی خەڵك زۆر لە ئێستا باشتر دابین دەکراو لەڕوی سوتەمەنی و خواردنەوە هەر ئەو کات باشتر بوو بەڵام دوای ئەو گۆڕانکاریەی کە رژێمی بغدادی تێدا سەرنگوم بوو ئەبوو هەر ئەو کات بەهەر باجێك بێت ناوچەکانی تر رزگار بکرانایە بەداخەوە نەکرا چونکە ئەو گۆرشانکاریە هەلێکی مێژووی بوو بوەهۆی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی سیاسی عێراقی دەستکردی بەریتانیەکان0 گەرچی تا ئێستاش ئاکامی ئەو گۆڕانکاریە لێڵەو نازانین بەرەو چ ئاقارێك و لەبەرژەوەندی کام نەتەوەو یان کام دەوڵەتدایە وەئەشێ زۆر پێش هاتی بۆ دابرژرێت.

ئێمە خۆشمان نازانین میلەتەکەمان بەرەو چ ئاقارێك پەلکێش دەکەین لەکاتێکدا گوندەکانمان ڕاگوێزرابوون تەواوی کوردستان دەکرا بە دانەوێڵەو کوشتوکاڵ کەچی زۆر بەداخەوە ئێستا وەك چۆلەکە میللەت دەمی کردۆتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەشمان دەمی کردۆتەوە بۆ شتە کۆن و رزیوەکانی بغداد خۆ ئەگەر لەسەرەوە برا وەیان خوا نەخواستە گوێی بازرگانەکانی جەنگ کەڕ بێت بچوکترین شەر یەخەمان بگرێت ئەبێت چ کارەساتێك ڕووبدات برسێتی و بێ سوتەمەنی بێ کارەبایی و بێ ئاوی بەس نیە هەواکەش بەڵاشەو لە جێگایەکەوە بۆمان نایەت. دەبا کۆنگرەکەمان هەندەرێك بێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وبەگەر خستنەوەی زەوی زاری جوتیاران و کڕینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەروبومەکانیان بەپارەی زۆر و فرۆشتنەوەی بە جەماوەر بەهەرزانتر بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانین بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر قاچی خۆمان ڕاوەستین چۆن بەدیهێنەری ئەم ئازادیە بووین ئاواش بەدیهێنەری ئەم ڕاستیانە بین.

وەبا بەیەك دەنگ کار بکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەرجەم گوندەکان چونکە ئەوانن سەرچاوەی ژیانمان وەئەوان بوون، هاوڕێی سەنگەرو خەباتمان هاوڕێی ژێر دوکەڵ و تۆپ و تەیارەی دوژمنان با ئەمرۆ ئاوڕێك لەوان بدەینەوە وەك وەفایەك بۆ ڕۆژانی سەختی خەباتمان.

ئامادەبووانی بەڕێز:-

سەرەڕای ئەمانەش مەیدانەکە بۆتە مەیدانی مل ملانێ و پێش برکێی دەوڵەتانی دورو نزیك وەنەتوەکانی ناو عێراق جا کێ بتوانێ لەگەڵ گەمە سیاسیەکاندا هەنگاو بنێت و بەرەو پێشەوە بڕوات و ئەوا ئەو گرەوەکەدەباتەوەو ئیتر کێیەو کام نەتەوەو دەوڵەتە گرنگ نیە چونکە ئەم ڕۆ هاوکێشەکە لە عێراقدایە کە پڕە لە گرفتی سیاسی و ئیداری وحکومەتێکی لاوازی ناکۆکی نێوان سونەو شیعەو کوردو عیلمانی و کۆنە بەعسیەکان و... هتد

هەر بۆیە دەبێت کورد خوێندنەوەی قوڵ و وردبینانەمان هەبێت شیکارێکی ژیرانەی بارودۆخی ئێستاو ئایندەی ناوچەکانمان لا گەڵاڵە ببێت و تێکۆشین بۆ ئەو بارودۆخە وەسودمەند بین لەبەرژەوەندی وڵاتە زڵ هێزەکان چونکە ئەمە هەلێکەو جارێکی تر دوبارە نابێتەوە.

بەڕێزان بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵەکەمان زۆر کارمان ئەنجام داوە لەوانە:-

سەرەتا ئێمە دەستخۆشی لەبەڕێز کاك جمیل و هاوڕێکانی ئەکەین کە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانیان ڕاگەیاند وەئێمە لەهەندەران زۆر پەرۆشی کۆکردنەوەی تواناکانی پێشمەرگە بووین بۆ ئەوەی بتوانین بەهەمان شێوەی جاران بەردەوام بین لە خەبات لەکاتێکدا پێمان وایە خەباتی ئێستا چەق و قورساییەکەی لەهەندەرانە چونکە خەباتی چەك داری نابێتە خەباتی دبلۆماسی لەوانە بەشێوەیەکی پەرش و بڵاولە چالاکی جۆراو جۆردا لەبەردەم سەفارەتەکان ڕێپێوانمان ئەنجام دەداو داوی مافەکانی کوردستانمان ئەکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی لەچەند پەیوەندیەکدا لەگەڵ بەڕێز کاك جمیل هەورامی وەفدی یاوەری سەردانی وڵاتی سویدیان کرد پاش کۆبونەوەیەکی چڕو پڕ لقیهەندەران ڕاگەیەندرا لەهەمان کاتدا بەشداریان کرد لە دامەزراندنی کۆمیتەکانی سوید هۆڵندا ئەڵمانیا.

دوابەدوای بەڕێزیان ئێمە کۆمیتەی نەرویجمان ڕاگەیاند وەلیژنەکانی وڵاتی فینلندا و نیوزلاند ڕاگەیەنرا وەکارمان کردوە بۆ دانیمارك ونەمسا سویسرا کەنەدا وئەمریکماو ئوسترالیا کەدوای کۆنگرە زۆربەیان ڕادەگەیەنین دوابەدوای ئەم کارانە کۆمیتەکان دەستیان کرد بە دامەزراندنی لیژنەی شارەکان کە پێك دێت لە (20تا 60) کەس بۆ هەر لیژنەیەك وە (200 تا 600) کم ڕێگا براوە بۆ ئەنجامدانی هەر لیژنەیەك. وەئەگەر هەروڵاتێك لە 50 کەس کەمتری تێدا بێت ئەبنە لیژنەی وڵات:-

ئێمە کۆمەڵەکەمان لە هەندەران کردوە بە ئێن جی ئۆ بەرەسمی لەلایەن وڵاتی سویدەوە ناسێنراوە لەژێر ناوی ()

وەبەرنامەی باش و تۆکمەمان داناوە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵەکە لەهەندەران.

لەزۆربەی وڵاتان بە ڕێپێوان و خۆپیشاندان دژی ڕاپۆرتەکەی بیکروهاملتون وەستاین.

دەوری چالاکمان هەبووە لە دادگایکردنی بازرگانی چەکی کیمیایی فرانت ئانت تراکی هۆڵندی لە دادگای لاهای نێو دەوڵەتی لە وڵاتی هۆڵندا.

4-هەوڵدان بۆ بەستنی پردی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵەکەمان و ڕەوەندی کوردی لە هەندەران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

5-بەگژداچوونەوەی هەندێك لبە میدیاکانی هەندەران کەدژی نەتەوەی کورد شت ئەنوسن.

6- بەتەنگەوە هاتنی هاوڕێکانمان لەکاتی پێویستدا.

7- ئەنجامدانی هەشت کۆڕو سیمینار لە چەندین شارو وڵاتی جیاواز بۆناساندن تاوتوکردنی کۆمەڵەکەمان.

8- ئەکرێ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێوەبەرانی ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەیکان لە ئەنتەرنێت کە توانویانە خزمەتێکی باش بکەن بێ بەرامبەر هەڵوێستیان بەرز دەنرخێنین.

بەڕێزان بۆ زیاتر پێش خستن و جوانتر کردنی کۆمەڵەکەمان چەند پێشنیارمان هەیە تا بتوانین بیگەیەنینە ئاستی کۆمەڵەی جەنگاوەرەدێرینەکانی ئەو وڵاتانەی کە بەشۆڕش زگاریان بووە کەلە زۆربەی وڵاتان ژمارەیەکی زۆر کەمیان ماوە لەوڵاتەکەیاندا جێگای تایبەتی خۆیان هەیە کەلەگۆڕانکاریە گرنگەکاندا پرسیان پێ دەکەن وڕایان وەردەگرن.

پێشنیار دەکەین کۆرمەڵەکەمان ببێتە هاندەرێك و هەوڵی گۆڕانکاری جدی ناو مەیدانی خەباتی کوردایەتی بدات و جێ دەستی لەو بوارەدا دیار بێت لەوانە.

1- وابکرێت دەسەڵاتی کوردی حکومەتی کوردستان بەیەك جەستەو بەیەك دەنگ و بێ جیاوازی بە پرۆژەیەکی نوێ و هاوچەرخەوە ڕوو بەڕووی قۆناغەکەوە ببێتەوە.

2- وەك مینبەرێك شەفافیەت بەتەواوی کۆبونەوەکانی نێوان سەرکردەکان و دەسەڵات و تەواوی وتوێژەکان بدرێت.

3- هەوڵی کاراکردنی پەرلەمان بدرێت وەئەو ئاستەنگانەی لەبەردەمیدایە لاببرێت و بکرێتە ئەو پەرلەمانە ی کە خواستی خەڵکەو هەموو دەسەڵاتدارانی کوردستان و سیاسەت مەداران پرسەکانیان بگێرنەوە بۆ پەرلەمان وەبێ ویستی پەرلەمان نەتوانن هیچ هەنگاوێك بنێبن.

4- هەوڵ بدەین ئەو پێش برکێیەی کەبێ خواستی خۆمان ئێمەشی تێ کەوتوین نەك نابێ لەدواوە بین و بکرینەی سوتەمەنی نێوان کێشەکانی شیعەو سونەو بەعسی و عەرەبی ناسیۆنالیست بەڵکو ئەبێ لە ڕیزی هەرە پێشەوە بین وەفرسەتەکەمان لە کیس نەچێ.

5- سووربوون لەسەر گێڕانەوەی ناوچەکانی تری کوردستان لە سنجارەوە تا کو مەندەلی وەزنجیرە چیای حمرین وەشاری کەرکوك دوا ئامانجمان بێت وەبەهیچ شێوەیەك مساوەمەیان لەسەر نەکەین.

6- لەناو ئەو موجامەلەکردنەی هاوپەیمانان پێویستە هەنگاوی جدی بنێین بۆ دوا ئامانجەکانمان.

7- لە جیاتی ئەو هەموو باوەش کردنەوەیە بۆ عێراقێکی ڕووخاو هەڵوەشاوە بابەسیاسەتێکی ژیرانەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەبکەین بۆ بەدیهێنانی دوا ئامانجی گەلەکەمان.

8- جیاکردنەوەی لیستی پێشمەرگە لە موچە خۆران کەباس ئەکرێت ڕێژەکەی گەیشتۆتە زیاتر لە 80 هەزار کەس.

9- بەهێزکردنی ڕاگەیاندن کە پێك بێت لەچەندین کادری خاوەن قەڵەم بۆ بەهێزکردنی ڕاگەیاندن و سایتەکەمان وەدانانی پەیامنێر لە زۆربەی شارەکان و وڵاتانی هەندەران.

10-کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بکرێتە بەرنامەی کارەکانمان.

11-پشتیوانی کردن لەدادگا بۆ ڕاپێچ کردنی خۆفرۆشان وتاوان باران لەکارەساتی ئەنفاڵ و جینوسایدی کوردستان بۆبەردەم مێزی دادگا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

12-هەڵوێست وەرگرتن وبەدادگایی دانی هەر تاوانبارێك کە بیەوێ شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنێ بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بێنێ.
13-دورخستنەوەو بەدادگایدانی هەر ئەندامێك کە بیەوێ سەروەت وسامانی نیشتمان بەتاڵان ببات و زیان بەسەروەری نیشتمان بگەیەنێت.
14-کردنەوەی کۆمپانیایەکی تیرو پشك کە تایبەت بە کۆمەڵەکەمان کە هەر ئەندامەو بەپێی توانای خۆی بەشداری بکات بۆ ئەوەوی هەم کۆمەڵەکەمان و ئەندامەکانی سودمەند ببن.
15-بەهاناوەچوونی ئەندامانی کۆمەڵەکەمان لەکاتی پێویستداو پشتیوانی کردن لێیان.
16-ئاوڕدانەوە لەو کەسانەی کە ئەی سەلمێنن کەسانی زۆر چالاك بن لە ریزەکانی ڕێکخستن بۆ ماوەیەکی زۆرو پاشان بوون بە پێشمەرگە واتە ڕێکخستنە دێرینەکان.
17-بابڕیارەکانی کۆمەڵە کۆنکرێتی بێت بۆ هەمووان بێ جیاوازی.
18-تێکۆشان بۆ کۆکردنەوەی مێژوو سەروەریەکانی رۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگە کە بکرێتە وانەو لە خوێندنگاکاندا بوترێتەوە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بزانن کەئەم ئازادیە بە دەریایەك خوێن هاتۆتە بەرهەم.
19-پشتیوانی کردن لەخوێندکاران و نەوەی نوێ کە بتوانن بە هێزی قەڵەمکەکانیان پارێزگاری ئەم دەستکەوتانە بن.

ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەخوازین وەسوپاس بۆ گوێ گرتنتان.

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
لقی هەندەرانی
2007/6/12

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.